# تەواوی چالاكییەكانی وەفدی ی . ن . ك لەنەرویج

## نەرویج– زانا گەلاڵی

لەسەربانگ هێشتی پارتی كاری نەرویجی وەفدێكی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان  به سەرپەرشتی د. ئەرسەلان بایز ئەندامی مەكتەبی سیاسی و لێپرسراوی مەكتەبی رێكخستنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، بە یاوەری ڕزگار عەلی ئەندامی سەركردایەتی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك و حەمەی حەمە سەعید لێپرسراوی مەڵبەندی 28 ی هەڵەبجەی شەهید و محەمەدی مەلا حەسەن قائیمقامی خانەقی خاتوو ڤیان مەجید فەرەج لێپرسراوی سەنتەری جێندەری كوردستان  سەردانی وڵاتی نەرویجیان كرد بەشداریان لە چەندین  كۆبونەوە كرد لەگەڵ پارتی كاری نەرویجی وەک 2 پارتی هاوپەیمان لە سۆسیال دیموكرات و بەرپرسانی ئەوڵاتە ئەم كۆبونەوانە زیاتر بۆ ڕونكردنەوەی بارودۆخی ئەمڕۆی عریراق بەگشتی كوردستان بەتایبەتی  بوو ،  لەم كۆبونەوەنە پارتی كار ئامادەیی خۆی دەربری بە پتەوكردنی پەیوەندیەكان و پشتگیری كردنی خەڵكی كوردستان  ئەوش بە ئامادەیی دەربرینیان  بۆ چەندین پڕۆژەی خزمەت گوزاری لە سەرجەم بوارەكاندا.

د.ئەرسەلان بایز ئەندامی مەكتەبی سیاسیو لێپرسراوی مەكتەبی رێكخستنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان  ڕۆژی چوارشەممە 4/11 گەیشتنە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج  بەمەبەستی سازدانی چەند كۆڕو كۆبونەوەک لەگەڵ بەرپرسانی پارتی ناوبراو حكومەتی نەرویجی  لە فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتیی ئۆسلۆی پایتەختو لەلایەن لێپرسراوی كۆمیتەی رێكخستنی نەرویجو كارگێڕو ئەندامانی كۆمیتەوە پێشوازیی كرا.

ئێوارەی هەمان ڕۆژیش  وەفدێكی پارتی كای نەرویجی سەردانی كۆمیتەی ڕیكخستنی نەرویجی  یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان  كرد بە مەبەستی بەخێرهاتنی بەڕێزی . شایەنی باسە ئەم سەردانەی د.ئەرسەلان بایز لەسەر بانگهێشتی پارتی كاری نەرویج  بوو بەمەبەستی سازدانی چەند كۆبونەوەیەک لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە .



نوێنەری پارتی كاری نەرویجی لە بارەگای كۆمیتەی ڕێكخستنی نەرویج

سەر لە بەیانی 2007/4/12 لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی نەرویج  وەفدی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان بە سەر پەرشتی د. ئەرسەلان بایز ئەندامی مەكتەبی سیاسی و لێپرسراوی مەكتەبی رێكخستنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، بە یاوەری ڕزگار عەلی ئەندامی سەركردایەتی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك و حەمەی حەمە سەعید لێپرسراوی مەڵبەندی 28 ی هەڵەبجەی شەهید و  محەمەدی مەلا حەسەن قائیمقامی خانەقی و كامەران باجەڵان كارگێری مەڵبەندی دەرەوەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و هۆگر كاوانی لێپرسراوی كۆمیتەی نەرویج خاتوو ڤیان مەجید فەرەج لێپرسراوی سەنتەری جێندەری كوردستان خاتوو سۆلاف خانەقینی  و ڕێكخەری سەردانەكە  كۆبوونەوەیەكیان لەگەڵ كریستیان كار لسن بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی نەویج  وە ئەنیتا كرۆكان بەرپرسی بەشی عیراق  لە وەزارەتی دەرەوەی نەرویج ئەنجامدا.

لەم کۆبونەوەیە وەفدی  یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باسیان لە پێویستی حکومەتی نەرویج لە پرۆسەی ئاوەدانردنەوەی کوردستان کرد ،  وە داواشیانکرد حکومەتی نەرویج  کونسولگەرییەک لە هەولێری پایتەخت بکاتەوە وە داوایانکرد هاوکاری و هەولی چارەسەرکردنی ئەو کەسانە
بدرێت کە کاریگەری چەکی کیمیاویان لەسەر ماوە لە هەمانکاتدا لە بواری پەروەدەو فێرکرندا وەفدەکە داوایکرد پەیوەندی ئالو گۆری زانیاری لە نێوان کوردستان و ولاتی نەرویج دروست بکرێت  و سالانە مۆلەت بدەنە ژمارەیەک خویند کاری کوردستان بە مەبەستی تەواو کردنی خوێندن ڕو لەم ولاتە بکەن  لە بەرامبەردا وەزارەتی دەرەوەی نەرویج بەلێنی هاوکاری تەواوی پێدان لە سەرجەم بوارەکاندا لەلایەن د . ئەرسەلان بایز چەند دیاریەک پێشکەش بە بەرێزیانکرا کە پێکهات بوو لە ئالای کوردستان و چەند د یاریەکی دەست چنینی فۆلکلۆری کوردی وە  لەلایەن حەمەی حەمە سەعید لێپرساوی مەلبەندی 28 ی هەلەبجەی شەهید ئارمی هەلەبجە پێشکەشکرا  .



د. ئەرسەلان بایز لەکاتی پێشکەشکردنی ئالای کوردستان بە وەزەرەتی دەرەوە




لێپرساوی مەلبەندی هەلبجەی شەهید لە کاتی پێشکەشکردنی ئارمی هەلەبجە

## وەفدی ی.ن.ک داوای چارەسەرکردنی کێشەی پەنابەرانی کورد لەنەرویج دەکات

دوا نیوەڕۆی  پێنجشەممە وەفدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی  د. ئەرسەلان بایز ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرساوی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان  لە تەلاری پەرلەمانی نەرویج سەردانی بەڕێز ( یان بوللەر ) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کاری نەرویجی و  ئەندامی پەرلەمانیان کرد، سەرەتا لەلایەن یان بوللەر بەگەرمی بەخێرهاتنی وەفدی  یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد ، خۆشحالی خۆی دەربڕی بەسەردانەکیەن دواتر لەلایەن د . ئەرسەلان تیشک خرایە سەر بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان ئەزموونی دیموکراسی کوردستان و چۆنیەتی

سود وەرگرتن لە وڵاتانی پێشکەوتوو زۆر بواری تر  تەوەری گفتوو گۆوو  ڕا گۆرینەوەی نێوان وەفدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کاری نەرویجی بوو
وەفدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داویکرد کە پارتی کاری نەرویجی  وەک هاوپەیمانێک لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سۆسیال دیموکرات کە ئێستا دەسەڵاتی حکومەت بەڕیوە دەبات ، پێویستە دوری کاریگەری هەبێت لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو  ژێر خانی ئابوری کوردستان  پاشان یەکێ لە تەوەرە سەرەکیەکانی دانیشتنی وەفدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کێشەی  پەنابەرانی کورد بوو ،  بەتاییەت ئەوانەی کە  بە( موف ) ناسراون  وەفدەکە داوای چارەسەر کردنی سەرجەم کێشەکانی پەنابەران کرد بەتاییەتی ئەوانەی بە موف ناسراون کە چەندین ساڵ لە مافی پەنابەری بێبەش بوون ، داوایانکرد هەرچی زووە ئەم مافەیان بۆ بگەڕێتەوە .  بەڕیز( یان بوللەر ) لە وەڵامدا وتی دڵنیاتان دەکەمەوە کە لەم ماوەیە  لە دانشتنێکم لەگەڵ وەزیری کار باسمان لە کێشەی  موفەکان کردووە لە ئایندەکی زۆر نزیک کێشەکانیان چارەسەر دەکرێت،لە بوارەکانی تریش پارتی کار بەڵێنی هاوکاری و پشتگیری بە وەفدەکەدا وە هەردوولا لەسەر ئەمە ڕیکەوتن کە ئەم هاوکاری هاوپەیمانیەتەی کە لە نێوان هەدرcroولا هەیە وەک دوو پارتی  سۆسیال دیموکرات  پتەوترو بەرەو پێشەوەتری ببەن. لە کۆتاییدا د . ئەرسەلان بایز چەند دیاریەک پێشکەش بە بەڕێز یان بوللەر کرد کە  پێکهات بوو لە ئاڵای کوردستان و چەند د یاریەکی دەست چنینی فۆلکلۆری کوردی  .

## بیۆرن یاکوب سن : خۆشحاڵم بە سەردانەکەی کوردستان کە چاوم بە سەرۆک مام جەلال و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی ی ن ک کەوت .

سەرلە بەیانی 12–4–2007  وەفدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی  د. ئەرسەلان بایز ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانبە یاوەری ڕزگار عەلی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و محەمەدی مەلا حەسەن قائیمقامی خانەقی و کامەران باجەڵان کارگێری مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هۆگر کاوانی لێپرسراوی کۆمیتەی نەرویج و ژمارەیەک لە کادیرانی کۆمیتەی نەرویج سەردانی پەرلەمانتاری نەرویجی دۆستی کورد ( بیۆرن یاکوب سن  ) ئەندامی سەرکردایەتی پارتی چەپی سۆسیالیست ( ئێس ڤێ ) کرد لە تەلاری پەرلەمانی نەرویج لەسەرەتا زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی وەفدەکەی کرد دواتر باسی لە سەردانی خۆی کرد بۆ کوردستان خۆشحالی خۆی دەربڕی بەم سەردانە کە چاوی بە سەرۆک مام جەلال کەوتووە لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەوانە هەڤاڵ مەلا بەختیار هەر لە کۆبونەوەکەدا زۆر بە خۆشحاڵیەوە ئەم دیاریەی کە سەرۆک مام جەلال پێشکەشی کردبوو  پیشانی ئامادە بوانیدا دواتر د. ئەرسەلان بایز سوپاسی ئەم پێشوازیە گەرمەی کرد پشان باسی لە پر ۆسەی  دیموکراتی عیراق کرد کە وتی دوای 35 ساڵ ژێر دەستەی دیکتاتۆر ، لە دوای ساڵی 2003 پرۆسەی دیموکراتی لە ئارادایە  بەڵام بەربەست زۆرە داوایکرد کە حکومەتی نەرویج هاوکارو پشتیوانی لە گەلانی عیراق بکەن  وە داوایکرد کە حکومەتی نەرویج پەیوەندیەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان پتەو بکەن و پارتی چەپی سۆسیالیست ( ئێس ، ڤێ ) پەیوەاندیەکانیان لەگەڵ  یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پتەوترو زیاتر بەرەو پێشەوەی بەرن  وە بانگهێشتی کردن بۆ سەردانی کوردستان ،  بیۆرن یاکوب سن بە خۆشحاڵیەوە  بانگهێشتەکەی قبوڵکرد دواتر ڕزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە کورتی باسی لە بارودۆخی شاری کەرکوک و جێبەجێکردنی ماددەی 140 کرد  پاشان بیۆرن یاکوب سن وەفدەکەی بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان بردوو هۆڵەکەی پیشاندان .



وەفدی ی . ن . ک  لە پەرلەمانی نەرویج



هۆڵی پەرلەمانی نەرویجی

## نەرویج خەرجی پرۆژەیەکی جێندەر لە کوردستان لە ئەستۆ دەگرێت

سەرلەبەیانی رۆژی 4/13 د. ئەرسەلان بایز ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە یاوەری خاتوو ڤیان مەجید فەرەج لێپرسراوی سەنتەری جێندەری کوردستان و خاتوو سۆلاڤ خانەقینی ئەندامی پارتی کارو رێکخەری سەردانەکە لە ئۆسلۆی پایتەختی وڵاتی نەرویج سەردانی کاسرینا رادو سکرتێری نێودەوڵەتی پارتی کاری نەرویجی کرد.

لەدانیشتنێکدا کە خاتوو ماریا حفزی راوێژکاری سیاسی ئامادەی بوو، سەرەتا خاتوو کاسرینا رادو بەناوی پارتی کاری نەرویجییەوە بەگەرمی بەخێرهاتنی وەفدەکەی کرد و خۆشحاڵی دەربڕی بەم سەردانە، دواتر د. ئەرسەلان بایز باسی ئەو زوڵم و زۆرەی کرد کە بەدرێژایی مێژوو لە کوردکراوە، بەتایبەتی رژێمی بەعس و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کەزیاتر لە 5 هەزار هاووڵاتی مەدەنی لە ژن و منداڵ بوونە قوربانی و زیاتر لە 10 هەزار هاووڵاتی بریندداربوون، کە تائێستا بەدەست کاریگەری ئەو کارەساتەوە دەناڵێنن، داواشیکرد وڵاتی نەرویج هاوکاری ئەو کەسانە بکات کە کاریگەریی چەکی کیمیاویان لەسەرماوە و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدرێت لە دەرەوەی وڵات، لە رووی خزمەتگوزاریشەوە دوایکرد حکومەتی نەرویج بەشداربێت لەئاوەدانکردنەوەی ئەم شارە، چونکە تائێستا نەتوانراوە وەک پێویست ئەم شارە ئاوەدانکردنەوە بکرێتەوە.

لەبارەی شاری کەرکوک و خانەقی و مەندەلی و بەدرەو جەسان و شەنگارو مەخمور و تەواوی ناوچەکانی تر ناوبراو وتی: ئێمە بە هەموو بەڵگەنامە رەسمییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی رازین کە دەیسەلمێنێ ئەم ناوچانە کوردستانین یان دەرەوەی کوردستان، جگەلەمەش ئەم ناوچانە پڕە لە نەوت و بە هۆی جێبەجێنەکردنی ماددەی 140 تا ئێستا نەتوانراوە خزمەتگوزاری بۆ بچێت، داواشیکرد پارتی کاری نەرویجی وەک پارتێکی دەسەڵاتدار و ئەندامی سۆسیال ئینتەرناسیۆناڵ پاڵپشتی ماددەی 140 و چارەسەرکردنی لە کاتی خۆیدا بکات بە پێی دەستوری عیراق، چونکە جێگەی داخە تائێستا وڵاتانی دراوسێ  بە چاوی رق و کینە سەیری ئەم ماددە دەستورییە دەکەن کە زۆربەی هاووڵاتیانی عیراق دەنگیان بۆداوە، داواشیکرد گەر پرۆژەکیان هەیە بۆ ئاسانکردن و جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە  پێشنیارمان بۆ بکەن بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بە زووترین کات کاری لەسەر بکەین و هانی کۆمپانیاکانی نەرویجی بدرێت کە بێنە ئەم ناوچانە و تەواوی شارەکانی تری کوردستان، چونکە کورستان وڵاتێکە لەرووی سەرمایەداریەوە دەتوانرێت سەرمایە گوزاری تیا بکرێت، کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە لەهەموو بوارەکاندا، چ لەبواری نەوت و گەشتوگوزار و زۆر بواری تر، بەڵام بەداخەوە وڵاتێکی دارماوە، ئەمەش وادەکات پرۆژەی خزمەتگوزاری زۆر باش ئەنجامبدرێت و وەفدەکە هیوایان خواست کە حکومەتی نەرویج لە بواری پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیدا رۆڵێکی کاریگەر ببینێت و کونسوڵگەرییەک لە هەولێر یان هەر شارێکی تری کوردستان کە پێیان باش بوو بکەنەوە .

له رووی پەروەردە و فێرکردنەوە د. ئەرسەلان بایز ئاماژەیدا پێویستمان بە پەروەردە کردنی کادری شارەزا هەیە لە هەموو بوارەکانداو پێگەیاندنی کادری سیاسی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، داوایکرد کە پارتی کار بە پێی ئەو بودجەیەی کە ساڵانە لەبەردەستیاندایە، یاخود کە ئێستا دەسەڵات و حکومەتیان لەبەردەستایە ساڵانە چەند کەسێکیان بۆ بێننە دەرەوە یاخود خۆیان بێن لە کوردستان ئەزموونیان بدەن بە کادرەکانیان، جگە لەمەش باس لە چەندین پرۆژەکرا لە پێناو خزمەتگەیاندن بە سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگە لە وانە ژنان و خوێندکاران و لاوان .
سەبارەت بە کێشەی  پەنابەرانە وە داوای چارەسەرکردنی کێشەکانیانی کرد بەتایبەت زۆرێک تا ئێستا مۆڵەتی کارکردنیان نیە و زۆر پێویستە ئەم مافەیان پێبدرێت و لەبارەی کێشەی ئەو پەنابەرانەی کە بە "موف" ناسراون وەفدەکە پاڵپشتی خۆی دەربڕی بۆ چارەسرکردنی کێشەکانیان و داوای تازەکردنەوەی مافی پەنابەریانی کرد.
پارتی کار لەلایەن خۆیانەوە ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری لە بوارەکانی گەنجان و ژنان و خوێندکاران و پێگەیاندنی کادیری سیاسی" ی. ن .ک" ، سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەوپەنابەرانەی کە بە" موف" ناسراون ئاماژەیدا بەوەی کە لەچەند هەفتەی داهاتوو کێشەکانیان چارەسەر دەکرێت لە بوارەکانی تریشدا بە لێنی هاوکاریکردنی دا.
لە کۆتاییدا وەفدەکە بانگهێشتی خاتوو کاسرینا رادو سکرتێری نێودەوڵەتی پارتی کاری نەرویجی کرد کە سەردانی کوردستان بکات بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە رەوشی کوردستان، خاتوو کاسرینا بەخۆشحاڵییەوە بانگهێشتەکەی قبووڵکرد و بڕیاریدا لەئایندەکی نزیکدا سەردانی کوردستان بکات، داواشیکرد کەپەیوەندییەکان لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی پارتی کاری نەرویجی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەردەوام بێت .
دوابەدوای کۆبوونەوەکە خاتوو ڤیان مەجید فەرەج لێپرسراوی سەنتەری جێندەری کوردستان
سەبارەت بە وردەکاری کۆبوونەوەکە بە **رۆژنامەی کوردستانی نوێ**ی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی کە د. ئەرسەلان بایز باسی لە بارودۆخی کوردستان کرد و پێویستی هەبوونی خزمەتگوزاری
وڵاتانی ئەوروپی لەکوردستان و پێگەیاندنی کادیری لێهاتوو لەسەرجەم بوارەکاندا کرد، بەڵێنی هاوکاری زۆر بواریان پێداین بەتایبەت لە بواری هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، پرۆژەی یەکەمیش لەسەر ئاستی ژنان دەبێت لەرێگەی سەنتەری نیشتیمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر پرۆژەیەکی درێژخایەنیان هەیە کەبەشێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی نەرویج پارەی بۆ تەرخانکراوە بەمەبەستی پێگەیاندنی کۆمەڵێک کادری سیاسی لێهاتووی ژن بۆ سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دوای ئەمە زۆر پرۆژەی ترلە هەموو بوارەکانداجێبەجێ دەکرێت.

## رزگار عەلی داوا لەپەرلەمانی نەرویج دەکات پشتگیریی ماددەی 140 بکات

پێشنیوەڕۆی رۆژی سێشەممە 4/10 رزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و حەمەی حەمە سەعید لێپرسراوی مەڵبەندی 28 ی هەڵەبجەی شەهید و محەمەدی مەلا حەسەن قائیمقامی خانەقی و خاتوو ڤیان مەجید فەرەج لێپرسراوی سەنتەری جێندەری کوردستان و هەندرین باوەنوری نوێنەری کۆمیتەی رێکخستنی نەرویج خاتوو سۆلاڤ خانەقینی، سەردانی پەرلەمانی نەرویجیان کرد و لە لایەن ڤیدار بیۆرن ستاد ئەندامی پەرلەمان پێشوازی کران.
ڤیدار بیۆرن ستاد بەناوی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی نەرویج بەخێرهاتنی وەفدەکەی کرد، دواتر رزگار عەلی باسی لە بارودۆخی عیراق بەگشتی و شاری کەرکوک و ماددەی 140 بەتایبەتی کرد.
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک داوایکرد پەرلەمانی نەرویج هانی وڵاتانی ئەوروپا بدات بۆ پاڵپشتیکردنی ماددەی 140 و چارەسەرکردنی لە کاتی خۆیدا بە پێی دەستووری عیراق، کە زۆربەی هاووڵاتیانی عیراق دەنگیان بۆداوە.
حەمەی حەمە سەعید لێپرسراوی مەڵبەندی 28 ی هەڵەبجەی شەهید باسی لە کارەساتی هەڵەبجە کرد بەدەستی رژێمی لە ناوچووی بەعسەوە کە زیاتر لە 5 هەزار هاووڵاتی مەدەنی لە ژن و منداڵ بونە قوربانی و زیاتر لە 10 هەزار هاووڵاتی بریندار بوون، کە تا ئێستا بەدەست کاریگەری ئەم نەخۆشیەوە دەناڵێنن، داوای لە پەرلەمانی نەرویج کرد ئەو کەسانەی کە کاریگەریی چەکی کیمیاویان لەسەرماوە هەوڵی چارەسەرکردنیان بدرێت لە دەرەوەی وڵات.
لە کۆتاییدا ڤیدار بیۆرن ستاد بەناوی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی نەرویج بەڵێنی هاوکاری و پشتیوانی بەوەفدەکە دا.

وەفدەکە لە شارەوای ئۆسلۆ

**پەرلەمانتار ئەختەر : زۆر بەی  کاتی خۆم بۆ کێشەی فەلەستینیەکان ئامادە کرد بوو لە دوای ئەم دانیشتنە بڕیارمدا کاتەکانی خۆم تەرخان بکەم بۆ یارمەتی دانی خەڵکی کوردستان**

کاژمێر 9 بەیانی2007/4/11   ڕزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و حەمەی حەمە سەعید لێپرساوی مەڵبەندی 28 ی هەڵەبجەی شەهید و محەمەدی مەلا حەسەن قائیمقامی خانەقی و هۆگر کاوانی  لێپرساوی کۆمیتەی ڕێکخستنی نەرویج ، ژمارەیەک لە هەڤاڵانی کۆمیتە  لە شارەوانی ئۆسلۆ کۆبونەوەیەکی لەگەڵ کنوت ئولڤن بەرپرسی لیستی پارتی چەپی سۆسیالیستی  ( ئێس ڤێ ) لە ئەنجومەنی شارەوانی ئۆسلۆ و  ئەختەر  ئەندامی پەرلەمان ئەنجامدا دوای باسکردنی بارودۆخی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی شاری کەرکوک و هەڵەبجەی شەهید

بەتایبەتی وەفدەکە داوایکرد کە ئەوان هەوڵ بدەن لە پەرلەمانی نەرویج پشتگیری لە ئەزمونی دیموکراتیەت و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بکەن ، وە پەیوەندی ئاڵوگۆری زانیاری پشەیی لە نێوانیاندا دروست بێت لە پێناو خزمەت گەیاندن بە یەکتری ساڵانە مۆڵەت بدەنە ژمارەیەک خویند کاری کوردستان بە مەبەستی تەواو کردنی خوێندن ڕوو لەم وڵاتە بکەن  دواتر وەفدەکە وتیان  بە پێی یاسای نەوت و یاسای بەهەم هێنان کارئاسانیەک دەکات

 بۆ ئەوەی کۆمەڵی پڕۆژەی زۆری بوژاندنەوەی ژێر خانی ئابوری لە کوردستان جێبە جێبکرێت  کە لە بەرژەوەندی هەردوولا دەبێت ، بەتایبەتی شاری کەرکوک چونکە بە درێژایی مێژوو ئەم شارە پەراوێز خراوە  زۆر کەموکوڕی هەیە وپێویستی بە چەند  ساڵی تر هەیە بۆ ئەوەی کەرکوک لەو کەموکوڕییانە رزگار بکرێت و پێویستە  پرۆژەی خزمەتگوزاری تێدا ئەنجام بدرێت،  دواتر باسی لە بەڵگەکانی کوردستانی بونی کەکوکی کرد  وتی : هەموو بەڵگە مێژووییەکان باس لە کوردستانی بوونی شاری کەرکوک دەکەن و ئەو بەڵگەنامانەش لەلایەن کوردەوە نەنووسراوە، بەڵکو لەلایەن کەسانی ترەوە نووسراوە، کە بەعەرەب بوون یان بەتورک بوونی شارەکە بسەلمێنن،  دواتر لە لایەن محەمەدی مەلا حەسەن قائیمقامی خانەقی  باسی لە بارودخی شاری خەنەقی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین کرد کە وتی بە درێژایی حوکمڕانی بەعس شاری خانەقی خەڵکەکەی دەربەدەر کراوە چ بە زۆر بێت یان لە بێزاری ئازار دانیان لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری بۆیە لەساڵی 2003 لە کاتی پرۆسەی ئازادی عیراق ژمارەی دانیشتوانی خانەقی  35 هەزار کەس بوو بەڵام ئێستا لەسەرووی 200 هەزار کەسە  .  دواتر  هەڤاڵ حەمەی حەمە سەعید لێپرساوی مەڵبەندی 28 ی هەڵەبجەی شەهید  باسی لە کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی شەهید کرد بەدەستی ڕژێمی لە نوچووی بەعسەوە کە تائێستا کاریگەری لەسەر خەڵکی ناوچەکە هەیە منداڵ کە لەدایک دەبن بە کەم ئەندامی لە دایک ئەبن ئاسەواری ئەم چەکەیان لەسەر ماوە

بۆ  ئەم مەبەستە داوایکرد حکومەتی نەرویجیش وەک وڵاتانی تر ساڵانە چەند بریندارێک بێنیتە وڵاتی نەرویج هەوڵی چارەسەر کردنیان بدات . دواتر هەڤاڵ حەمەی حەمە سەعید

 ئارمی هەڵەبجە وەک دیاریەک پێشکەش بە کنوت ئولڤن بەرپرسی لیستی پارتی چەپی سۆسیالیستی  ( ئێس ڤێ ) لە ئەنجومەنی شارەوانی ئۆسلۆ کرا و داوایکرد کە شاری هەڵەبجەو شاری ئۆسلۆ ببنە دەستە خوشک  لەگەڵ چەند دیاریەکی دەست چنی کوردەواری لەلایەن وەفدەکەوە پێشکەش  ناوبراو کرا .  لە کۆتاییدا بەڵێنی هاوکاری و پشتیوانی بەوەفدەکە دا دوای کۆبونەوەکە وەفدەکە گەڕان بەنێو بینایەی شارەوانی و هۆڵی نۆبڵی ئاشتی .



حەمەی حەمە سەعید لە کاتی پێشکەشکردنی ئارمی هەڵەبجەی شەهید بە شارەوانی ئۆسلۆ

دواتر بەڕێز ئەختەر ئەندامی پەرلەمانی لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی نەرویج وتی : سەرەتا من زۆر بەی کاتی خۆم بۆ کێشەی فەلەستینیەکان ئامادە کرد بوو لە دوای ئەم دانیشتنە بڕیارمدا کاتەکانی خۆم تەرخان بکەم بۆ یارمەتی دانی خەڵکی کوردستان وتیشی بە ناوی خۆم و بەناوی کنوت ئولڤن بەرپرسی لیستی پارتی چەپی سۆسیالیستی ( ئێس ڤێ ) لە ئەنجومەنی شارەوانی ئۆسلۆ داوا دەکەم کە کار ئاسانیمان بۆ بکەن لە نزیکترین کاتدا سەردانی شارەکانی کوردستان بکەین بەتایبەت شاری کەکوک و خانەقین و هەڵەبجەی شەهید بەڵینیدا لەگەڵ هاتنیان کۆمەڵیک پڕۆژە بکەنە دیاری ئەم ناوچانە .

**لێژنەی تەنسیقی حزبە عیراقیەکان سمینارێکی بۆ بەڕێزان ڕزگار عەلی و محەمەدی مەلا حەسەن سازکرد**




ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2007/4/11 لێژنەی تەنسیقی حزبە عیراقیەکان لە بارەگی کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سمینارەکی لەبارەی کێشەی کەرکوک و ماددەی 140 بۆ بەڕێزان ڕزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و محەمەدی مەلا حەسەن قائیمقامی خانەقی سازکرد لە سەرەتا مامۆستا سامان بەناوی لێژنەی تەنسیق بە خێرهاتنی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و قائیمقامی خانەقی کردن وە بەناوی ئەوانیشەوە بەخێر هاتنی میوانەکانی کرد پاشان ئامانج لە سازدانی ئەم سمینارەی بۆ میوانەکان ڕونکردەوە دواتر بەڕیز ڕزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەربارەی ڕوشی کارکوک و چۆنیەتی بەڕێوە چوونی مادەی 140 لە دەستووری بعیراقی دواو کە وتی : ماددەی 140 ماددەیەکی دەستووریەو زۆربەی هاوڵاتیانی عیراقی دەنگیان بۆی داوەو کێشەی کەرکوک کێشەیەکی عیراقیەو ، عیراقیەکان خۆیان لە دەستووری ڕێگە چارەیان بۆداناوەو بۆ هیچ وڵاتێک نیە دەست لە کاروباری نێوخۆی عیراق وەربدات پاشان بە وردی باسی لە ماددەی 140 لە دەستووری عیراقی کرد وتی ئەم ماددەیە مافی هەموو پێکهاتەی شاری کەرکوک دەپارێزێت زوڵم لە هیچ کەس ناکات بۆیە زۆر پێویستە لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا جێبەجێ بکرێت پاشان باسی لە پێک هاتەی ئەنجومەنی پاێزگای کەرکوک و لیستەکانی کرد دواتر محەمەدی مەلا حەسەن قائیمقامی خانەقی زیاتر تیشکی خستەسەر ماددەی 140 دەربارەی ڕەوشی شاری خانەقی دواو لە هەموو بوارەکاندا . لە کۆتاییدا دەرگای پرسیار بەڕووی ئامادە بوان کرایەوە لەلایەن بەڕێزان ڕزگار عەلی و محەمەدی مەلا حەسەن وەڵامی سەرجەم پرسیارەکان درایەوە

**ڕزگار عەلی و مامۆستا محەمەدی مەلا حەسەن لە ئۆسلۆ سمینارێکیان سازکرد**



ئێوارەی 2007/4/12 بە سەرپەرشتی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکان بە هاوکاری کۆمیتەی هاوکاری پارتە سیاسیاسیەکانی کوردستان لە وڵاتی نەرویج سمینارێک بۆ بەڕێز ڕزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاری کەرکوک و مامۆستا محەمەدی مەلا حەسەن قائیمقامی خانەقی ڕێکخرا، دەربارەی کەرکوک و خانەقین و سەرەتا لەلایەن رۆدی ئیلگن نوێنەری کۆمیتەی هاوکاری پارتە سیاسیەکانی کوردستان دوای بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان خۆشحالی خۆی دەربڕی بە ئامادەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و قایمقامی خانەقین بۆ ئەم سمینارە دواتر بابە علی گوڵانی کارگێری لقی ئەوروپاو بەرپرسی لێژنەی ناوچەی نەرویجی پارتی دیموکراتی کوردستان ، دوای بەخێرهاتنی بەڕێزان ڕزگار عەلی و مامۆستا محەمەدی مەلا حەسەن ئامانج لە سازدانی ئەم سمینارەی بۆ میوانەکان ڕوونکردەوە و سەرپەرشتی سمینارەکەی لە ئەستۆ گرت، دواتر کاک ڕزگار عەلی سەرەتا باسی لەو زوڵموو زۆرەی ڕژێمی بەعس خەڵکی ناوچەکانی کرد بەدەست ڕژێمی لە ناوچووی بەعس و سیاسەتی بە زۆر ڕاگوێزنی کوردو تورکمان لە ناوچەکە چێشتوویانە، دواتر بە وردی باسی لە ماددەی 140 پێویستی جێبەچی کردنی ئەم ماددەیەی بۆ ئامادەبوان ڕوونکردەوە کە وتی جیبەجی کردنی ئەم ماددەیە لە بەرژەوەندی هەموو پێکهتەکانی ئەم شارەیە زوڵم لەکەس ناکات بۆ ئەم مەبەستەش باسی لە پێکهاتەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکی کردو دابەشکردنی لیستەکان باسی لە هەڵوێستی پارتی و یەکێتی کرد سەبارەت بە شارەدابڕاوەکانی کوردستان وە وتی هەموو بەڵگە مێژووییەکان باس لە کوردستانی بوونی شاری کەرکوک دەکەن و ئەو بەڵگەنامانەش لەلایەن کوردەوە نەنووسراوە، بەڵکو لەلایەن کەسانی ترەوە نووسراوە، هەروەها باسی لەوەکرد کە عەرەب و تورکمان ناتوانن تەنها بەڵگەیەک بهێنن کە بەعەرەب بوون یان بەتورک بوونی شارەکە بسەلمێنن، وتیشی: بەهۆی ئەوەی کەرکوک لەکاتی خۆیدا شارێکی پەراوێزکراو بووە، زۆر کەموکوڕی هەیە وپێویستی بە چەند ساڵی تر هەیە بۆ ئەوەی کەرکوک لەو کەموکوڕییانە رزگار بکرێت و پرۆژەی خزمەتگوزاری تێدا ئەنجام بدرێت، ئاماژەی بەوەشکرد لەزۆر ڕووەوە هاوکاری ئاوارەکان کراوە ، دواتر مامۆستا محەمەدی مەلا حەسەن قائیمقامی خانەقین دەربارەی شاری خانەقین پەیوەندی لەگەڵ دیالە دواتر تیشکی خستە سەر باری ئابوری خانەقین و جەلەولاو سەعدیە و شارەبان مەنەدەلی ، هەروەها خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەوەی ئێستا هیچ کێشەیەکی نەتەوەیی یان تایەفەگەری لە ناوچەکەیان نیە بە کۆی دەنگ داوا دەکەن خانەقین بکرێت بە پارێزگا بگەڕێتەوە باوەشی کوردستان ، و ماددەی 140 بەزوترین کات جێبەجێ بکرێت دوای ئەمە دەرگای پرسیار کرایەوە بۆ ئامادەبووان لەلایەن کاک ڕزگارو مامۆستا مەحەمەد وەڵامی سەرجەم پرسیارەکان درایەوە .
دوا بەدوای هاتنی وەفدی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ وڵاتی نەرویج توانیان چەندین کۆبونەوەی سەرکەوتوو ئەنجام بدەن و چەندین پرۆژەی خزمەت گوزاری گرنگ بۆ کوردستان بڕیار لێوبدریت . جگە لەمەش د . ئەرسەلان بایز بە هەلی زانی تا لە نزیکەوە چاوی بە ڕێکخستنەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ولاتی نەرویج بکەوێت .

ڕۆژی پێنجشەممە 2007/4/12 د . ئەرسەلان بایز کۆبونەوەیەکی لەگەڵ بەرپرس و کارگێرانی کۆمیتەی ڕێکخستنی نەرویج ئەنجامدا . سەرەتا د . ئەرسەلان تیشکی خستە سەر بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان وعیراق ئاسەنگەکانی ماددەی 140 دواتر باسی لە یەکریزی و یەک هەڵوێستی نێوان ی ن ک و پ د ک لە ئاست مەسەلە چارەنووس سازەکاندا و باسی لە گرنگی لە پتەوکردنی ئەم یەک هەڵوێستەی نێوانیان کرد پاشان باسی لە نەخۆشیەکەی هەڤاڵ مام جەلال کردو لە کاتی گەرانەوەی ئەم پێشوازیەگەرمەی لەلایەن جەماورەوە لێکرا نیشانەی ئەمە بوو کە هەڤاڵ مام جەلال هیواو ئومێدی سەرجەم چین و توێژێکی کۆمەڵگەیە خۆشحالیشی دەربری کە ئێستا باری تەندروستی مام جەلال زۆر لە پێشی نەخۆشیەکەی باشترە ، پاشان باسی لە چەندین تەوەرەی تر کرد لەمانە پلنۆم و خۆسازدان بۆ کۆنگرەو گۆرانکاریەکانی نێو ی ن ک کە وتی هەوڵ ئەدەین گۆڕانکاریەک لە ڕێکخستنەکانی دەرەوە بکەین لە پێناو کاراکردنی ڕێکخستنەکان کە لەگەڵ ئەم سەردەمە بگونجێت
پاشان هەڤاڵ هۆگر کاوانی لێپرسراوی کۆمیتە تیشکی خستە سەر کەموکورپەکانی کۆمیتەو پێشنیارەکانیان لەلایەن بەرێزیەوە بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکانیانی پێدان .
لە ڕۆژی هەینی 2007/4/13 بەڕێز د.ئەرسەلان بایز بە ئامادەبونی کامەران باجەلان کارگێڕی مەڵبەندی دەرەوە و هۆگرکاوانی لێپرسراوی کۆمیتە چەندین کۆبونەوەی بە جیا لەگەڵ ئەنجومەنی کۆمیتەی نەرویج وکەرتی ئۆسلۆ و کادیرانی ی ن ک لە زۆربەی شارەکانی نەرویجەوە کە بۆ بەخێرهاتنی بەڕێزی هاتبوون ئەنجامدا کە ئەم کۆبونەوەیە بە کۆبونەوەیەکی گرنگ دانرا چونکە لە نزیکەوە گوێی لە کێشەو پێشنیارەکانی بەڕێزیان گرت و جگە لەمەش چەندین کۆبونەوەی بەجیای لەگەڵ بەشێک کادران ئەنجامدا ئەمانەی مەبەستیان بوو بە جیا چاویان پێبکەوێت . ئەم کۆبونەوانەی بەڕێز لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستن گروتینێکی دایە ڕێکخستنەکانی نەرویج . برِیاریشە وەفدەکەی ی . ن

**ی . ن. ک بدات و لە دوای تەواو ک لە وڵاتی تری ئەوروپا درێژە  بە کۆبونەوەکانی خۆی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی تری بونی کۆبونەوەکانی مەڵبەندی دەرەوە ، ڕوونکردنەوەو ڕێنمایی تازە بۆ ڕێکخستنەکان بنێرێت و باس لە ئەگەری کۆنفراسی خۆ نوێکردنەوەی کۆمیتەکانیش دەکێت .**